دەروازەیەک بۆ

عەقیدە

احمد کوردی

٢٢/ ٦/ ٢٠٢٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين

والصلاة والسلام على رسول الله الأمين

مُحَمَّد وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد

فَاعلَم أَنَّهُ لا إِلهَ إلا الله

عەقیدە چییە؟

لـە زمانەوانیـدا بریتییـە لـە بـاوەڕبوون و دڵنیـایی یـەکلابووەوە و بـێ گومـان، بەرامبەر بە سەلماندن یـان ڕەتکردنـەوە یـان ڕاسـتی یـان ناڕاسـتی شـتێك، لـە دڵـی کەسێکدا، جا ئەم بیروباوەڕەی کەسەکە ڕاست بێت یان نا.

بۆنموونە: کەسێك باوەڕی بە خوا هەبێت، یـان بـاوەڕی بـە فریشـتە هـەبێت، یـان باوەڕی بە بورجەکان هەبێت، یان باوەڕی بە چاوەزار هەبێت، یـان بـاوەڕی پێیـان نـەبێت. ئەمانـە هـەموو هـەر پێیـان ئـەوترێت بیروبـاوەڕ و عەقیـدە، ئەگەرچـی هەندێکیشیان بیروباوەڕی ڕاست و دروست نین.

وە لە شەرعدا عەقیدە بریتییە لە بیروبـاوەڕی ئیسـلام، کـە باوەڕهێنانـە بـە خـوا عــز وجــل وە فریشــتەکانی وە کتێبــەکانی وە پێغەمبــەرانی وە ڕۆژی دوایــی وە قەدەر، وە بە پـەروەردگارێتی و خوایـەتی و نـاو و سـیفەتەکانی خـوای گـەورە، وە هەموو نادیارەکان کە لە دەقەکاندا هاتوون، وە تەسـلیم بـوون بـە خـوای گـەورە و پێغەمبەرەکەی لە حوکمەکاندا، وە هەموو بابەتە بنچینەییەکانی دین.

بابەتەکانی عەقیدە چین؟

بابەتەکانی عەقیدە زۆربەی باسی غەیب ئەکەن، واتە ئەو شتانەی کە بە پێنج هەستەکە هەستیان پێ ناکرێت، وەك: خوای گەورە، فریشتەکان، جنۆکە، ڕۆژی دوایی، ژیانی ناو گۆڕ، بەهەشت، جەهەننەم.

وە هەروەها باس لە کوفر و پێچەوانەی باوەڕهێنان ئەکات. وە باس لە شوێنکەوتووانی حەق و شوێنکەوتوانی بەتاڵ ئەکات، وە باس لە سیفەت و حوکم و ئەنجامی هەر کۆمەڵەیەکیان ئەکات.



سەرچاوەی وەرگرتنی عەقیدە چییە؟

عەقیدە لەبەرئەوەی بابەتەکانی باس لە غەیب و حوکم ئەکات، کەواتە لە خوای گەورە و پێغەمبەرەوە وەریان ئەگرین. چونکە خوای گەورە غەیب ئەزانێت و حوکمەکانیش دائەنێت، وە پێغەمبەر لە هەموومان شارەزاترە بە حوکمەکان و وەحی بۆ دێت.

وە هەرگیز بەگوێرەی عەقڵی خۆمان حوکم نادەین و باسی غەیب ناکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ دەق. وە دەقەکانیش قورئان و سوننەتن. وە قورئان قسەی خوایە سبحانە وتعالی و سوننەتیش قسە و کرداری پێغەمبەرە صلی الله علیە وسلم. وە بەو شێوەیە لە دەقەکان ئەگەین کە زانایانی ئیسلام تێیگەشتوون و پێش هەمووشیان هاوەڵانی پێغەمبەر ڕەزای خوایان لێبێت.

بۆچی عەقیدە بخوێنم؟

چونکە خوێندنی عەقیدە واجبە لەسەرت و گرنگیشە لەم ڕووانەوە:

١. بیروباوەڕی ڕاست و هەڵە جیا ئەکاتەوە و ڕێی ڕاستت نیشان ئەدات.
٢. لە درۆ و خورافە ئەتپارێزێت.
٣. وەڵامی پرسیارەکانت ئەداتەوە.
٤. لە گومان و فێڵی درۆزن و فێڵبازان ئەتپارێزێت.
٥. لە وەسواس و نەخۆشی دەرونی ئەتپارێزێت.
٦. گەر عەقیدەت دروست و ڕاست بێت کۆتاییەکەت بەهەشت و ڕەزامەندی خوای گەورەیە. وە گەر هەڵە و درۆ بێت جەهەننەم و تورەیی خوایە.
٧. گەر عەقیدەت دروست بێت خوای گەورە عیبادەتەکانت لێ قبوڵ ئەکات، گەر نا ئەوا لێت وەرناگرێت.
٨. لە بەفیڕۆدانی کات و پارە و ژیان و گەنجێتیت ئەتپارێزێت لە تاوان و شتی پووچ و حەرامدا.
٩. لە هاوڕێیەتی کەسانی خراپ ئەتپارێزێت.
١٠. لە زیاندان لە خۆت و چواردەورت ئەتپارێزێت و، ئەتکات بە کەسێکی سوودبەخش بۆ خۆت و چواردەورت.
١١. ئەدەب و ڕەوشتی جوانت فێرئەکات.

تەواو بوو والحمد لله رب العالمين

أحمد كوردى – سلێمانى

١/ ذو القعدة/ ١٤٤١ || ٢٢/ ٦/ ٢٠٢٠